# زمانی کوردی، پێگە و ئاڵنگارییەکانی لە خوێندنی باڵادا

**دکتۆر ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین، مامۆستای زانکۆ**

**زانکۆی سەڵاحەدین - هەولێر، کۆلێجی پەروەردە - مخمور**

**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**

**دەروازە:**

زمان شوناس و بوونی هەر تاک و نەتەوەیەکە، بەڵام داگیرکەران و دوژمنان بەمەبەستی سەپاندنی دەستەڵات و هەژموونی خۆیان بە سەر نەتەوەکانی تردا، سەرەتا بە هۆکار و بیانووی جیاجیاوە هەوڵدەدەن لە بەهای زمانەکەی ئەو نەتەوانە کەم بکەنەوە و زمانەکەیان لە بەر چاویان سووک بکەن، بە هۆکاری سیاسی و ئایینی...هتد، یاخود بە بیانووی ئەوەی ئەم زمانە زمانی زانست نییە، تاکو دواتر ئاخێوەر و نووسەرانی ئەم نەتەوانە، کە ویستیان بە زمانی خۆیان قسە بکەن، یان بنووسن لە بەرانبەر زمانەکەی ئەواندا هەست بەکەمی بکەن و واز لە زمانەکەیان بهێنن و دواتر ئەوانیش وردە وردە و بە هێواشی زمانەکەی ئەو نەتەوانە لە ناو ببەن و شوناس و ناسنامە و مێژوویان بسڕنەوە و زمانەکەی خۆیان بچەسپێنن و بیکەنە فەرمانێکی کەتواری.

**ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک:**

زمانی دایک لە کۆمەڵگەی تاکزمانیدا، بە واتای زمانی نەتەوە و زمانی یەکەم و زمانی زگماک و زمانی نیشتمان دێت، کەچی هەر یەک لەم زمانانەدا لە کۆمەڵگەی فرەزمانیدا پێناسەی خۆی هەیە.

سەبارەت بە سەرهەڵدان و مێژووی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، لەم ڕۆژەوە سەرەتاکەی بە دیاردەکەوێت، کە لە ساڵی ١٩٤٧ز پاکستان لە هیندستان جیابووەوە و سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند، پاشان حکومەتی پاکستان، هێشتا بەنگلادیشی لێ جیانەببووە و بەشێک بوو لەم وڵاتە، لە سەردەمی (محمد علی جناح) سەرۆک وەزیرانی پاکستان، لە کۆبوونەوەی ٢١/ئازار/١٩٤٨ زمانی ئۆردووی بە زمانی فەرمی وڵاتەکەی رایگەیاند و زمانی بەنگالی پەراوێزخست. ئەمە بوو بە سەرەتای پەرچەکرداری بەنگالییەکان و پاشان لە ٢١ شوبات ١٩٥٢ خوێندکارانی زانکۆ دەستیان بە خۆپیشاندانکرد و دواتر بزوتنەوەیەکیان بە ناوی (بزوتنەوەی زمانەوانیی بەنگالی) پێکهنا و پۆلیسی پاکستان بەرانبەر خۆپیشاندەران چەکیان بەکارهێنا و بە ئاگر وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە، لە ئاکامدا ژمارەیەک خوێندکار لە کۆلیژی پزیشکی لە شاری دەکا شەهیدکران، لە دواییدا بەنگلادیش سەربەخۆیی خۆی لە وڵاتی پاکستان وەرگرت و لە سەر پێشنیازی بەنگلادیش لە ساڵی ١٩٩٩ز نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ڕۆژەی ٢١ شوباتی، وەکوو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ناساند.

**مێژووی زمانی کوردی:**

زمانی کوردی یەکێکە لە خێزانە زمانە زاگرۆسییەکان، ئەم خێزانە زمانەش یەکێکە لە گرنگترین لقەکانی زمانە ئارییەکان و شوێنەکەی دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا، واتە؛ ئاخێوەرانی بە شێوەیەکی گشتی لەم شوێنە چڕبۆتەوە و قسەی پێدەکەن، هەربۆیە زمانی کوردی بەشێک نییە لە زمانی فارسی، بەڵکوو زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، تەنیا ئەوە نەبێت، کە زمانی کوردی و زمانی فارسی هاوڕەگەزن و سەر بە یەک خێزانە زمانن و سەر بە زمانی ئارین، وەکوو زمانەکانی هیندۆ ئەورووپییەکانیش ئارییایین..

**قۆناغەکانی مێژووی زمانی کوردی:**

**١_ زمانی کوردیی کۆن:**

هەندێ لە زمانەوانان ڕەگ وڕیشەی کورد دەگەڕێننەوە سەردەمی سۆمەری (٤پ.ز)، بەڵام هەندێ لە زمانانەوان و مێژوونووسان نکۆڵی لەوە ناکەن، کە کورد مێژوویێکی کۆن و دوور و درێژی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا مێژووی کورد دەگەڕێننەوە بۆ ئەو هۆز و پێکهاتانەی لەم ناوچەیە و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس ژیاون، وەکوو گۆتی، لۆلۆیی، سۆبارتو، ئۆرارتویی، کاشی، ئیلامی...هتد، ڕێنووسی مێخی(بزماری) بەکارهێناوە. دواتر ئەمانە دەولەتی ماد ( ٧٠٠پ.ز ٥٥٠پ. ز)یان پێکهێناوە و لە ناویا تواونەتەوە، زمانی ئاڤێستا زمانی دەولەت و ئایینی ئەم دەولەتە بووە و بەڵگەی نووسراویشی کتێبی ئاڤێستای زەردەشتی بوو. دەولەتی ماد شوێنەکەی دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای ئێران(ئاریانا) و پایتەختەکەشی ئەگباتان (هەمەدانی ئێستا) بوو، زاراوەی (ئاری، ئاریا، ئاریان) ناوچەیەکە دەکەوێتە ناو دەولەتی ماد لە زنجیرەچیای زاگرۆس، کە ئەمەش خاکی کوردە، هەربۆیە هەڵەیە بگوترێت، زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هیند و ئەوروپی، بەڵکوو ئەوان بەشێکن لە زمانی ئاری، هەروەها ئەم زاراوەیە لە کتێبی ڤیدای پانینی بە زمانی سانسکریتی بە ناوی (ئاریانۆڤیچ) ناوەکەی هاتووە.

پاشان دەولەتی ئەخمینی _هەخامەنشی_ (٥٥٠پ.ز ٣٠٠پ.ز) بە سەرکردایەتی کورشی کوڕی قەمبیزی یەکەم لە باشوری ڕۆژئاوای ئێران دێن و دەولەتی ماد دەرووخێنن، دەولەتێکی فارسی دادەمەزرێنن، بەڵام ئەم دەولەتە زمانی ئایینیان زمانی ئاڤێستا بوو، هەربۆیە زمانی ئاڤیستا، بۆ ماوەی ٢٥٠ ساڵ زیاتر کەمتر، زمانی ئاین و دەوڵەتداریی بوو، ئەمەش زیندوویی و بەهێزی ئەم زمانە دەگەیەنێت.

**٢_ زمانی کوردی کوردی ناوەڕاست:**

ئەم قۆناغەی زمانی کوردیش لە سەردەمی پەهلەوی ئەشکانی (٣٠٠پ.ز ٢٢٦پ.ز)، دەستپێدەکات، کە کۆنترین دەقیان ئاڤێستایە **و** پاشان سەردەمی پەهلەوی ساسانی(٢٢٧پ.ز سەدەی ٧)، ئەمانە کورد بوون پاشماوەکانیان بریتیە لە دیالێکتی لوڕ، ئەمەش بەڵگەیەکی تری بەهێزی زمانی کوردییە. **دواتر** سەدەی یەکی زاینی هێرشی گریکیەکان بۆ ناوچەکە، کە بە سەردەمی هێلینی ناسراوە، ئەمەش بۆ ماوەیەک کاریگەری خۆی لە سەر ناوچەکە نواند. پاشا لە سەدەی حەوت ئاینی ئیسلام هاتە

ناوچەکە و بوونیان بە ئیسلام و خۆشەویستیان بۆ ئاینەکە زمانی عەرەبی بڵاوبووەوە، هەربۆیە سەدەی هەشت و نۆ زمانی کوردی تەنها زمانی قسەکردن بوو.

**٣_ قۆناغی زمانی کوردی شێوەزار:**

لەم قۆناغەدا نەتەوەکانی ناوچەکە جارێکی تر گەڕانەوە سەر زمانی زگماکی خۆیان، هەربۆیە لە سەدەی نۆدا، زیندووبوونەوەی گیانی نەتەوایەتی لای نەتەوەی فارس بووە هۆی نووسینی شانامە لە لایەن فیردەوسییەوە و لای نەتەوەی کورد بووە هۆی نووسینی چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی، پاشان لە سەردەمی میرنشینی ئەردەڵانی، لە گۆرانستاندا لە سنووری ناوچەکانی کەرکوک، هەمەدان و سنە، دیالێکتی هەورامی سەرەڕای هەبوونی دیالێکتەکانی لەکی، کەلهوڕی، فەیلی و سۆرانی، وەکوو زمانی هاوبەش دەوری هەبووە و بەکارهێنراوە و زمانی حوکمڕانی بووە و دواتر لە بادینان دیالێکتی ناوچەکە لە سەردەمی میرنشینی بادینان گەشەدەکات و شاعیران و نووسەران بەرهەمی خۆیان پێ دەنووسن، وەکوو داستانی مەموزین لە لایەن ئەحمەدی خانییەوە، دواتر لە سەردەمی میرنشینی بابان، نالی و سالم و کوردی ڕۆلی گرنگیان هەبووە لە خزمەتکردنی زمانی کوردیدا، هەربۆیە نالی (١٨٠٠ – ١٨٥٥ز) دەبێژیت:

**طەبعی شەککەرباری من، کوردی ئەگەر ئینشا دەکا ،**
**ئیمتیحانی خۆیە مەقصودی لە (عمدا) وا دەکا**
**یا لە مەیدنی فەصاحەتدا بە میثلی شەهـ سەوار**
**بێ تەئەممول بەو هەموو نەوعە زوبانی ڕادەکا**
**کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆکردییە**
**هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا**
**بێتە حوجرەم، پارچە پارچەی موسوەدەم بکڕێ بە ڕۆح**
**هەرکەسێ کوتاڵ و پارچەی بێ بە دەڵ سەودا دەکا**
**شیعری خەڵقی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی**
**کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا؟!**

**٤_ قۆناغی نوێی زمانی  کوردی:**

ئەم قۆناغەش  لە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨ دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە دەستپێدەکات و تاکو ئێستا بەردەوامی هەیە، لەم قۆناغەشدا قورئانی پیرۆز لە لایەن چەندین نووسەری بە توانای کوردەوە بە زمانی کوردی ڕاڤە کراوە و لەگەڵ چەندین کتێبی جۆراوجۆری زانستی، وەکوو کتێبی نەخۆشییەکانی دڵ لە لایەن د.شوان عوسمان ئەمین و فەرهەنگی قانوونی لەلایەن نووری تاڵەبانی...هتد، ئەی ئەمە بە هێزی و زانستی  زمانی کوردی ناگەیەنێت؟!

**پێگەی زمانی کوردی:**

پێگەی زمانی کوردی لە سەردەمی ڕژێمە پێشووەکانی عێراق شانبەشانی زمانی کوردی لە عێراق بە زمانی فەرمی ناسێندراوە و لە دەستووری کۆماری عێراق ساڵی٢٠٠٥ لە ماددەی چوارەم لە خاڵی یەکەمدا هاتووە (زمانی عەرەبی و زمانی کوردی هەردووکیان زمانی فەرمین لە عێراقدا و مافی عێراقییەکان بەفێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایک، وەکوو تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی لە دامەزراوە فێرکارییە حکومییەکان بە پێی ڕێککاری فێرکاری، یان بە هەر زمانێکی دیکە لە دامەزراوە فێرکارییە تایبەتیەکاندا مسۆگەر دەکات)(دستور جمهورية العراق، ٢٠٠٥). لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان _ عێراق ساڵی ٢٠٠٩ز لە ماددەی (١٤) لە خاڵی یەکەم و دووەمدا هاتووە، کە (کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمیی هەرێمی کوردستانن ... زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی ڕەسمین لە تەک زمانی کوردی و عەرەبییەوە)(پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان_ عێراق، ٢٠٠٩: ١٠).


لە لایەکی ترەوە هەر کۆمەڵگەیەک بۆ ئەوەی ببێتە کۆمەڵگە پێویستی بە چەند بنەمایەکی هاوبەش هەیە. کەواتە؛ سەرەڕای هەبوونی زمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، کەلتوری هاوبەش، لە لایەکی ترەوە، یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە بوونی بونیادێکی سیاسیە، یان ڕاستر وایە بڵێین قەوارەیەکی سیاسییە. هەرێمی کوردستان بە هۆی ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٩١دا بووە خاوەن سنوورێکی سیاسی. ئەوە خاڵی سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەیەک بوو. خاڵێکی تری دروستبوونی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، هەڵبژاردنی پەرلەمان و دامەزراندنی یەکەمین کابینەی حکومەت بوو، بەم شێوەیە بە هۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی سنوورێکی جوگرافی و چوارچێوەیەکی سیاسیە، کە خۆی لە پەرلەمان، حکومەت و دەستەڵاتی دادوەری دەبینێتەوە و چەندین بنەمای تری بە کۆمەڵگە بوونی تیادایە، هەربۆیە بەم هەرێمە دەگوترێت کۆمەڵگە، بەم شێوەیە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بریتییە لەو کۆمەڵگەییەی، کە سەرجەم نەتەوەکانی کورد، تورکمان، ئاشوری، کلدان، ئەرمەن، عەرەب و نەتەوەی تری تیادا دەژیت، هەر نەتەوەیەکیش لەم نەتەوانە خاوەنی زمانی خۆیانن. هەربۆیە هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە و فرەزمان ناسراوە. لەم ڕووەوەش زمانی کوردی بەهۆی ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا، لە دامودەزگانی حکومی و ناوەندەکانی خوێندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو و خوێنراو بەکاردەهێنرێت و زمانی فەرمییە، بەم پێیە هەموو دیالێکتە کوردییەکان زمانی کوردی پێکدەهێنن، چونکە ئەگەر ڕووبەری زارەکان و وشە و زاراوەکان لابەرین هیچ پانتاییەک بۆ زمان نامێنێتەوە. سەبارەت بە تێگەیشتنی دیالێکتەکانیش لە یەکتری، ماندارینی و کانتونی دوو دیالێکتن لە دیالێکتەکانی زمانی چینی، ئەم دوو دیالێکتە زۆر لە یەکتر جیاوازن، کە جیاوازییەکەیان لە زمانی دانیمارکی و زمانی نەرویجی زیاترە، ئەمەش بۆ زمانی کوردی ڕاستە.

## ڕاپرسی زمانەکانی هەرێمی کوردستان:

١ _ زمانی یەکەم (دایک)ت چییە؟

خشتەی ٣_٩_١_٢ _ باس لە زمانی دایک دەکات.

| زمان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی% |
|---|---|---|
| زمانی کوردی | 277 | %66.59 |
| زمانی تورکمانی | 42 | %10.10 |
| زمانی سوریێت | 50 | %12.02 |
| زمانی ئەرمەنی | 28 | %6.48 |
| زمانی عەرەبی | 18 | %4.33 |
| زمانی تر | 2 | %0.48 |
| کۆی گشتی | 417 | %100 |




چارتی ٣_٩_١_٢ _ باس لە زمانی دایک دەکات.

ئەوەی لە خشتە و چارتی ٣_٩_١_٢ _ دا، بە دیاردەکەوێت، کە زمانی کوردی، وەکوو زمانی دایک بە ڕێژەی (%66.59) بە پلەی یەکەم دێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زۆرینەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە نەتەوەی کوردن. هەروەها لەم خشتەیەدا زمانی سوریێت بە ڕێژەی (%12.02)دەستنیشانکراو، بە پلەی دووەم دێت، ئەمەش ئاماژەیە بە هەبوونی ئەم نەتەوەیە لە هەرێمی کوردستان، زمانی تورکمانی بە ڕێژەی (%10.10) لە پلەی سێیەم دایە، زمانی ئەرمەنی بە


ڕێژەی (%6.48) دێت، پلەی چوارەمی لە ڕیزبەندیەکەدا گرتووە، هەروەها ڕێژەی (%4.33) دەستنیشانکراوە بۆ زمانی عەرەبی و بە پلەی پێنجەم دێت و ڕێژەی (%0.48) بە پلەی شەشەم دێت، ئاماژەیە بۆ زمانی تر، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە نەتەوەی جیاواز و زمانی جیاواز لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە.

ئەم ئەنجامانە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە خەڵک لە هەرێمی کوردستاندا، بە ڕێژەی جیاواز زمانی دایکیان لەگەڵ یەکتردا جیاوازە، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە نەتەوەی جیا جیای، وەکوو کورد، تورکمان، کلدان، ئاشوری، ئەرمەنی، عەرەب، نەتەوەی تر لەم هەرێمەدا بوونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەموویان ئەم هەرێمە بە نیشتمانی خۆیان دەزانن، ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکی فرەزمان و فرەنەتەوەیە.

٢_ ئایا لە فەرمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە چ زمانێک قسەدەکەیت؟

خشتەی ٣_٩_١_٥_ لە فەرمانگە حکومییەکان بە چ زمانێک قسەدەکەیت، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

| زمان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی% |
|---|---|---|
| زمانی کوردی | 405 | %88.4 |
| زمانی تورکمانی | 12 | %2.6 |
| زمانی سوریێ | 6 | %1.3 |
| زمانی ئەرمەنی | 0 | %0.0 |
| زمانی عەرەبی | 32 | %7.0 |
| زمانی تر | 3 | %0.7 |
| کۆی گشتی | 458 | %100.0 |




چارتی ٣_٩_١_٥_ لە فەرمانگە حکومییەکان بە چ زمانێک قسەدەکەیت، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.


له خشته و چارتی٣_٩_١_٥_ دا، وەک له پرسیارەکەدا دیارە، بە چ زمانێک قسە لە فەرمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەیت؟ تێبینی ئەوە دەکرێت، کە زمانی کوردی پلەی زۆر بەرزی بە ڕێژەی (88.4%) بەدەستهێناوە و پلەی یەکەمی وەرگرتووە، زمانی عەرەبی بە ڕێژەی (7.0%) پلەی دووەمی تۆمارکردووە، ڕێژەی (2.6%) ئاماژەیە بۆ زمانی تورکمانی پلەی سێیەمی لە ڕیزبەندییەکەدا هەیە، زمانی سوریێت (1.3%) بە ڕێژەی پلەی چوارەمی هەیە و زمانی تر بە ڕێژەی (0.7%) لە پلەی پێنجەمدایە، کەچی زمانی ئەرمەنی لەم خشتەیەدا ڕێژەی (0.0%) بەدەستهێناوە، واتە؛ هیچ ڕێژەیەکی بەدەستنەهێناوە.

ئەو ئەنجامانە ئاماژە بەوە دەکەن، کە زمانی کوردی بەکارهێنانی لە نێو فەرمانگە حکومییەکاندا لە پلەی یەکەم و بالادایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش ڕۆژانە لە نێو فەرمانگە حکومییەکان لە نێو فەرمانبەر و هاوولاتییان بۆ ڕاییکردن کارەکان بەکاردەهێنرێت.

٣_ بەڕێزت لاگیری لەوە دەکەیت، کە لە ناوەندەکانی خوێندن (باخچەی ساوایان، بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگە، زانکۆ) بە زمانی کوردی قسەدەکەیت؟

خشتەی٣_٩_٢_٤_ پشتگیریکردن لە زمانی کوردی لە ناوەندەکانی خوێندن، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

| پرسیار | وەڵام | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی% |
|---|---|---|---|
| بەڕێزت لاگیری لەوە دەکەیت، کە لە ناوەندەکانی خوێندن (باخچەی ساوایان، بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگە، زانکۆ) بە زمانی کوردی قسەدەکەیت؟ | لەگەڵم بەتەواوی | 200 | %48.0 |
| | لەگەڵم | 108 | %25.9 |
| | بێلایەنم | 51 | %12.2 |
| | لەگەڵ نیم | 38 | %9.1 |
| | لەگەڵ نیم بەتەواوی | 20 | %4.8 |
| کۆی گشتی | | 417 | %100.0 |
| ناوەندی ژمێریاری | | 4.03 | |
| لادانی پێوانەیی | | 1.183 | |
| ڕێژەی لەگەڵ بوون (%) | | %80.62 | |




چارتی٣_٩_٢_٤_ پشتگیریکردن لە زمانی کوردی لە ناوەندەکانی خوێندن، نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

لە خشتە و چارتی٣_٩_٢_٤_ دا، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، بە ڕێژەی (%48.0) لەگەڵ ئەوەدان بەتەواوی، (کە لە ناوەندەکانی خوێندن، باخچەی ساوایان، بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگە و زانکۆ بە زمانی کوردی قسەبکەن)، هەربۆیە بە شێوەیەکی کەتواری گوزارشت لەوە دەکەن. هەروەها ئەوانەی لەگەڵی دان بە ڕێژەی (%25.9) پلەی دووەمیان وەرگرتووە لە بەرانبەردا ئەوانەی بێلایەنن بە ڕێژەی (%12.2) پلەی سێیەمیان لە ناو بەرتوێژان وەرگرتووە و برگەی لەگەڵی دانیم بەتەواوی بە ڕێژەی (%4.8) لە پلەی کۆتایدایە.

هەر بەپێی ئەو ئەنجامە، ناوەندی ژمێریاری (4.03) و ڕێژەی (%80.62) لەگەڵ بوون بووە و هەروەها لادانی پێوانەیی (1.183) بووە.


لەبەر ڕۆشنایی ئەم خشتەیەدا جەخت لە سەر ئەوە کراوەتەوە، کە پێویستە ئاخێوەران لە ناوەندەکانی خوێندن (باخچەی ساوایان، بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگە، زانکۆ) بە زمانی کوردی قسە بکەن، لەم ڕێگەیەوە زمانی کوردی توانیویەتی پەیوەندییەکی هاوبەش و کەتواری لە ناوەندەکانی خوێندن لە نێو ئاخێوەران دروستبکات و ببێتە ڕێگەیەک، کە ئاخێوەران هزری خۆیان پێ دەرببڕن و جیهانبینینێکی هاوبەشیان هەبێت.

٤_ لەگەڵ ئەوەیت، کە زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش لە نێو گشت هاووڵاتییانی نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێندرێت؟

خشتەی٣_٩_٢_١٥_ پشتگیریکردن لە زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش،

نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

| پرسیار | وەڵام | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی% |
|---|---|---|---|
| لەگەڵ ئەوەیت، کە زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش لە نێو گشت هاووڵاتییانی نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێندرێت؟ | لەگەڵم بەتەواوی | 197 | %47.2 |
| | لەگەڵم | 116 | %27.8 |
| | بێلایەنم | 54 | %13.0 |
| | لەگەڵ نیم | 36 | %8.6 |
| | لەگەڵ نیم بەتەواوی | 14 | %3.4 |
| کۆی گشتی | | 417 | %100.0 |
| ناوەندی ژمێریاری | | 4.07 | |
| لادانی پێوانەیی | | 1.117 | |
| ڕێژەی لەگەڵ بوون (%) | | %81.39 | |




چارتی٣_٩_٢_١٥_ پشتگیریکردن لە زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش،

نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات.

لە خشتە و چارتی٣_٩_٢_١٥_ دا، زۆربەی بەرتوێژان، کە پلەی یەکەمیان وەرگرتووە، بە ڕێژەی (%47.2) لەگەڵ ئەوەدان بەتەواوی، (کە زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش لە نێو گشت هاووڵاتییانی نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێندرێت)، هەربۆیە بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژەیان پێ کردووە و تێبینی دروستیان بۆ ئەم پرسە کردووە. هەروەها ئەوانەی لەگەڵی دان پلەی دووەمیان بە ڕێژەی (%27.8) وەرگرتووە لە بەرانبەردا ئەوانەی بێلایەنن بە ڕێژەی (%13.0) پلەی سێیەمیان لە ناو بەرتوێژان وەرگرتووە و برگەی لەگەڵی دانین بەتەواوی بە ڕێژەی (%3.4) لە پلەی کۆتاییدایە.

ئەو ئەنجامەی لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە، کە ناوەندی ژمێریاری (4.07) و ڕێژەی لەگەڵ بوون (81.39%) بووە و هەروەها لادانی پێوانەیی (1.117) بووە.

ئەوەی لێرەدا ڕوونکراوەتەوە، کە زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش لە نێو گشت هاووڵاتییانی نەتەوە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان بەکاربهێندرێت، هەربۆیە بە پێی ئەم ڕێژەییەی لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە، زۆربەی ئاخێوەران لەگەڵی دان بەتەواوی، کە زمانی کوردی پێویستە، وەکوو زمانی هاوبەش لە نێو ئاخێوەران لە هەرێمی کوردستاندا بەکاربهێندرێت. بەم پێیە زمانی کوردی توانیویەتی پەیوەندییەکی کەتواری لەگەڵ ئاخێوەرانیدا دروستبکات و لە نێو فرەزمانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان زمانی کوردی ببێتە زمانی هاوبەشی ئەم کۆمەڵگەیە. هەربۆیە زۆر جار بە شێوەیەکی ئاشکرا هەست بە باڵادەستی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان دەکرێت، بۆ نموونە کاتێک ئاخێوەرێکی کورد لە شوێنێک لەگەڵ چوار پێنج ئاخێوەری ئەرمەنی، یان تورکمانی بەیەک دەگەن، یەکسەر بە زمانی کوردی قسە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە، کە زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش لە نێو ئاخێوەرانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا بەکاردەهێنرێت.

زمانی کوردی، وەکوو زمانی هاوبەش لە هەرێمی کوردستاندا، ڕۆژانە وێنە کەتوارییەکانی ناو کۆمەڵگەی پێ وێنادەکرێت و دەردەبڕدرێت، هەر بەو هۆیەوە دەگەینە ئەو ڕاستییە زانستییەی، کە زمانی کوردی خواستێکی زۆری پەیداکردووە و پێگەی زانستی خۆی هەیە و توێژینەوەی جۆراوجۆری پێ ئەنجامدەدرێت و ئەو کەسانەی، کە مەبەست و کاری جۆراوجۆر ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، هەوڵی فێربوونی زمانی کوردی دەدەن. ئەمەش خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی زانستی گرنگە و سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە، کە زمانی کوردی شانبەشانی زمانەکانی ناوچەکە و جیهان کاریگەری خۆی نواندووە، کە خەڵکێکی زمان جیاواز هەیە، ئارەزوو بە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکەن. هەربۆیە پێشنیازی ئەوە دەخەینەڕوو، کە پێویستە لە هەرێمی کوردستاندا، منداڵی کورد، تاکو تەواوکردنی قۆناغی شەشەمی بنەڕەتی بەخورتی (أجباري) بە زمانی کوردی بخوێنێت، دوای ئەم قۆناغە ئازاد بێت، کە دەیەوێت، چ زمانێک فێرببێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە بۆ ئەو کەسانەی، کە بە مەبەستی کاروباری جیاجیا ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و لێی دەمێننەوە و زمانی کوردی نازانن، خولی فێربوونی زمانی کوردییان بۆ بکاتەوە. پاراستنی زمانی کوردی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێویستە، چونکە مانەوە و هێشتنەوەی سنووری جوگرافیی هەرێمی کوردستان، وەکوو قەوارەیەکی سیاسی ئەرکێکی سەرەکییە، تاکوو ئەم زمانە بە زیندوویی بمێنێتەوە.

### ئاڵنگارییەکانی بەر دەم خوێندنی باڵا:

بە پێی ئەو زانیارییانەی خستمانەڕوو، هەرێمی کوردستان زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردە، هەربۆیەشە لە زۆربەی قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان خوێندن، تاکوو دوازدەی ئامادەیی بە زمانی کوردییە، کەچی قوتابی کاتێک ئەم قۆناغە تەواودەکات و لە زانکۆ وەردەگیرێت، ڕاستەوخۆ تووشی کێشەی زمان دەبێتەوە، چونکە لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان، زمانێکی دیاریکراوی خوێندنی نییە، بە زمانی جیاجیا دەخوێندریت، زمانێکی تێکەڵە، دەکەوێتە سەر کۆلێجەکە، یان بەشەکە، یان مامۆستاکە چ زمانێک بزانێت، بەو زمانە وانەکەی دەڵێتەوە، ئینجا هەقی نییە، قوتابی

و خوێندکارەکانی زمانەکەی دەزانن، یاخود نا، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئایا قوتابی بۆ وەرگرتنی زانست هاتۆتە زانکۆ، یاخود فێربوونی زمان، کە پێویستە، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی زمانی کوردی بکاتە زمانی فەرمی زانکۆکانی و زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی ببێتە زمانی یاریدەر، ئەمەش بۆ زانکۆ ئەهلییەکان ڕاستە، ئەوانیش زمانی خوێندنیان دیاریکراو نییە، دەکرێت، لە یەک، یان دوو زانکۆی ئەهلی زمانی فەرمییان ئینگلیزی، یان عەرەبی بێت، کەچی دەبینین لە زانکۆکانی جیهاندا هەر زانکۆیە زمانی خوێندنی خۆی دیاریکردووە و لە ڕیزبەندی زانکۆ یەکەمەکانی جیهانن، بۆ نموونە ئیسرائیل هەشت زانکۆی هەیە، زمانی فەرمی ئەم زانکۆیانە زمانی عیبری، پێنج زانکۆیان لە زانکۆ یەکەمەکانی جیهانن و زانکۆکانی (تورکیا، فەرەنسا، ئەلمانیا...هتد) ئەمانەش هەریەکەیان زمانی فەرمیان زمانەکەی خۆیانن.

هەر لەم ڕووەوە ئەوانەی لە ناو زانکۆ و دەرەوەی زانکۆشن، توانستی زمانی کوردییان لاوازە، خاوەنی پسپۆری ترن، وەکوو کیمیا و فیزیا...هتد بە بیانووی پاساوهێنانەوە بۆ خۆیان دەڵێن: زمانی کوردی زمانی زانست نییە، کەچی لە بەرانبەر ئەواندا عەرەبێک، فارسێک، تورکێک خاوەنی توانستی زمانی خۆیانن، جا بۆ ئەم مەبەستە پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەهاوکاری پسپۆڕانی زمانی کوردی لە خویندنی باڵادا، بۆ ئەو مامۆستا و کەسانەی، کە دەیانەوێت لە یەکێک لە زانکۆ حکومیەکانی وانە بڵێنەوە، یاخود پۆستێک وەرگرێت، یاخود بۆ ئەوانەی لە ئێستادا مامۆستان لە زانکۆکان، تاقیکردنەوەی توانستی زمانی کوردی بکاتە مەرجێکی بە خورتی بۆ کارکردنیان لەم زانکۆیانەدا، یاخود خولی بەهێزکردن و فێرکردنیان بۆ بکاتەوە. لە لایەکی ترەوە بە هۆی خێزانی کورد بە هۆی چاولێکەرییەوە، مناڵەکەی تازە تەمەنی شەش ساڵی تەواوکردووە و تەنها فێری قسەکردن بە زمانی کوردیی بووە، هێشتا فێری خویندن و نووسین بە زمانی کوردی نەبووە، یەکسەر ڕەوانەی قوتابخانەی ئینگلیزی و ئەلمانی و فەرەنسی...هتد دەکات و زمانەکەی تێکدەدات، بۆ نموونە چوار پینج ڕۆژە چۆتە قوتابخانەی ئینگلیزی، دێتەوە ماڵەوە دەڵێت: دایە ئەپڵ دەخۆم. ئەمە نە زمانی کوردییە و نە زمانی ئیگلیزییە، بەڵکوو زمانێکی تێکەڵە. ئەمە و چەندین ئاستەنگی تر هەربۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی، زمانی کوردی بکاتە زمانی فەرمی و زمانی یەکەمی خوێندن لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان چونکە زمانی کوردی زمانی زانستە و خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندە، بۆ نموونە (پنت، باربەر، یەکاوی عەرەب، ئاخێوەر، سلاڤگە(سلاڤگە)....هتد.

**تێبینی:**

**١_ ئەم وتارە لە کۆڕی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک (٢١/شوبات/٢٠٢٣ز) لە کۆلێجی زانستە سیاسیەکان لە زانکۆی سەلاحەددین_ هەولێر پیشکەشکرا، ئەمەش لینکەکەیە:**

**https://fb.watch/iQoHt8YyE9/**

**٢_ لە گۆڤاری زانکۆ پرێس، ژمارە(٤٧)، حوزەیرانی ٢٠٢٣ز، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر بڵاوکراوەتەوە.**

**سەرچاوەکان:**

یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی:


_ ئەمیر موحەممەد موحەممەدئەمین (٢٠٢٢)، زمانی هاوبەش لە کۆزمانەوانیدا، هەرێمی کوردستان بە نموونە، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

_ ئادەم بێدار (٢٠٢١)، هەمەچەشنی و فرەیی لە هەرێمی کوردستاندا، رابردوو، ئێستا و داهاتوو، چاپی یەکەم، چاپ ئینستتیوتی تۆلێرانسی بێ سنوور، هەولێر، هەرێمی کوردستان.

_ دیوانی نالی (١٣٧٩) لیکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم، پیداچوونەوەی محمدی مەلا کریم، انتشارات کردستان، سنندج.

_ رەفیق شوانی (٢٠٠٨)، زمانی کوردی شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.

_ قەیس کاکل تۆفیق (٢٠٠٧)، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان (ڕوانینێک)، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، زنجیرەی کتێب(١٤)، دەزگای تویژینەوە و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

_ مراد حکیم (٢٠٢٠)، ئایا کۆمەڵگەیەک هەیە بە ناوی کۆمەڵگەی کوردی؟، لە: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان، ئامادەکاران: ئیحسان وەلزی و موسڵح ئیروانی، چاپی یەکەم، ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی، هەولێر.

_ دەستوور:

_ پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عێراق، ٢٠٠٩/٦/٢٤.


دووەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:


_ دەستوور:

_ دستور جمهورية العراق، ٢٠٠٥.

سێیەم: سەرچاوەی ئینتەرنێت:


_ https://ckb.wikipedia.org/wiki/رۆژی_جیهانی_زمانی_دایك 18/2/2023.

_www.down.ketabpedia.com, 19/8/2021. محاضرات في اللسانيات الاجتماعية (٢٠٢١) لطفي بوقربة، رقم الطبعة ١، دار النشر جامعة بشار، الجزائر.